# بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی کرێکار

**سەر کەوتن لە بەرەکانی خەبات لە پێناوی پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران، دەبێتە پاڵپشتی پێشکەوتنی سەرجەم بەرەکانیتری خەبات.**

چینی کرێکاری ئێران لە هەل و مەرجێکدا بە پێشوازی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی خۆیەوە دەچێت، کە ساڵێکی ئاستەم و دژواری ئاوێتە لەگەڵ خەباتێکی بە جەربەزە و بەرین تێپەر کردوە. لە ساڵی رابرودوودا هێرشی هەمەلایەنە و تەماعکارانەی سەرمایەداران و رژیمی پارێزەری ئەوان بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران بە توندی درێژەی هەبوو بە جۆرێك کە هەژاری لە ئاستێکی سامناکدا ژیانی چینی کرێکاری گرتۆتە بەر. بەرانبەر بە پەلامارەی کە سەرمایەداران و دەوڵەت هێنایانە سەر ژیانی چینی کرێکار، کرێکاران لە ساڵی رابردوودا خەباتی خۆیان بە مانگرتن و بە شێوەکانی تر درێژە پێدا. مانگرتنی جەسورانەی کرێکارانی شەریکەی واحێدی تاران، مانگرتنی 50 ڕۆژەی کرێکارانی نەساجی سنە، مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازیەکانی قەزوێن، مانگرتنی کرێکارانی نەساجی و"پلی اکریل"ی ئیسفەهان، مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی ئێران خودرەو تەنیا چەند نموونەیەك لە خەبات و بەگژداچوونەوەی کرێکاران بوو لە پێناو هێنانە دی داخوازییەکانیان. هەرچەند سەرکوتی مانگرتنەکانی کرێکاران سیاسەتێکی بەردەوامی رژیم بۆە بەڵام ئەم جارەیان ئەم سیاسەتە لە سەرکوتی مانگرتن و خەباتی کرێکارانی شیرکەتی واحیددا، دیمەنی درەندەی خۆی گەیاندە لوتکە.

خەبات و مانگرتنی پەرەگرتووی کرێکارانی ئێران بە تایبەت لە یەك ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەر کاتێکیتر بواری بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران خۆش کردوە و پێویستی وەرێ خستنی ئەم ڕێکخراوانەی لە بەردەم هەڵسوورانی بزووتنەوەی کرێکاری، بە تایبەت هەڵسووراوانی سوسیالیستی ئەم بزووتنەوەیە داناوە. لە کاتێکدا کە ڕێکخراوە چینایەتی و سەرتاسەرییەکانی کرێکاران لە ئارادا نین، رژیم دەتوانێ بە مانوردان و بە کۆ کردنەوەی هێزی خۆی لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە بەشەکانی جیاجیا و تەریك کەوتوو لە یەکتر بەربەرەکانێ بکات و سەرکوتیان کات.

چینی کرێکار لە ناو جەرگەی خەباتی ئەم چەند ساڵەی دوایی خۆیدا ، نەوەیەك لە هەڵسووراوان و ڕێبەرانی پەروەردە کردووە کە ئەمڕۆکە لە ریزی پێشەوەی خەباتی چینایەتی دا دەوری ڕێبەر و ڕێ نیشاندەر دەبینن. ئەم نەسڵە لە کرێکارانی پێشرەو کە پێویستیەکانی بەرەو پێش چوونی خەباتی سیاسی و چینایەتی ئەم سەردەمەیان ناسیوە و ئاسۆیەکی روونیان لەبەر چاوە، هەوڵەکانی خۆیان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاری چڕ وپڕتر لە هەمیشە دەست پێکردووە. پێکهێنانی کومیتەی بەدواداچوون و کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوانە، پێکهێنانی کومیتەی کارخانەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەرتاسەری کرێکارانی بێکار، گەلێك هەنگاوی بەنرخن لەو پێناوەدا. ئێستا سەردەمی ئەوە هاتوە کە ئەم هەولانە بە ئاکام بگەن و هەنگاوی بەکردەوە هەلبگیرێ و ڕێگا نەدرێ ئەوناوەندە کرێکارییانەی کە بەو مەبەستە پێکهاتوون، تەنیا لە چوارچێوەی ئامانجێکی نێوخۆییدا قەتیس بمێنەوە.

ئەزموونی خەبات و چۆنیەتی پێکهێنانی سەندیکای کرێکارانی شەریکەی واحیدی تاران جارێکیتر ئەم راستیەی نیشاندا کە بەشداری پێدانی هەرچی بەرینتری کرێکاران لە پرۆژەی پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە

چینایەتی و جەماوەرییانەدا، دەتوانێ ئەو کەند و کۆسپانەی کە رژیم و سەرمایەداران دەیخەنە سەر رێگا رابماڵێ و پێکهاتنی ئەم رێکخراوانە بەکردەوە بەسەر خاوەنانی سەرمایە و رژیمی پارێزەری ئەواندا بسەپێنێ.

ئێستا کە لە پێشوازی ئەوەڵی مانگی مەی، هەڵسووراوان و پێشرەوانی کرێکاری لە پێناو هاوئاهەنگی باشتر و بەشکۆتری بەرێوەبردنی رێ و رەسمی ئەو رۆژە و بۆ نیشاندانی هاوپشتی جیهانی خەباتی چینی کرێکار خۆیان ئامادە دەکەن جێی خۆیەتی کەوێرای پێ داگری لە سەر داخوازی سەرەکی چێنی کرێکاری ئێران، پێ داگرتن لە سەر ئازادی کرێکارانی دەستگیرکراو، داخوازیەکانی هەڵوەشانەوەی خێرا و بێ قەید و شەرتی حوکمی گرتنی گیراوەکانی ئەوەڵی مانگی مەی شاری سەقز لە ساڵی 83، لە رێ ورەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵ دا، سەرنجی جەماوەرێکی بەرینتر بۆ پێکهێنانی رێکخراوە چینایەتییەکانی کرێکاران رابکێشن. بە سەرکەوتن لەم بەرەدایە کە پێشرەوی لە سەرجەم بەرەکانیتری خەباتدا مسۆگەر دەبێ.

کرێکارانی ئێران هاوکات لەگەڵ رێژەی نێونەتەوەیی یەکی مەی دا کێشمەکێشی رژیمی ئیسلامی و دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لەسەر دۆسیەی ئەتومی ئێران کە شتێك نیە غەیری کێشەیەکی ناوخۆیی بەرەی سەرمایەداران مەحکوم دەکەن و بە وشیارییەوە ناوەرۆکی کۆنەپەرەستانە و پڕمەترسی سیاسەتەکانی هەردوولا لەم کیشەیەدا و ئاکامەکانی سیاسەتی هەردوولا بۆ سەر ژیان و خەباتی چینی کرێکار دەست نیشان دەکەن. کرێکارانی ئێران لەم رۆژەدا خۆیان لە ریزی پێشەوەی خەبات لەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامی و هاوسەنگەر لەگەڵ خەباتی جیهانی لەدژی شەڕ و میلیتاریزمی ئەمپریالیستی دا دەبیننەوە.

**بژی یەکەمی مانگی مەی رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار**

**کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**گوڵانی 1385**

**ئاوریلی 2006**